# سەرۆك کۆمار بەشداری لە پرسی سەرۆك کۆماری ئێران و هاوڕێانی کرد و سەرخۆشی لە سەرکردایەتی و گەلی ئێران دەکات



سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ شەممە 25-5-2024 لەگەڵ وەفدی یاوەری بەشدارییان لە کۆی ماتەمینی و پرسی ئایەتوڵڵا ئیبراهیم رەئیسی سەرۆك کۆماری کۆچکردووی ئێران و هاوڕێانی کرد، کە لە حوسێنیەی ئیمام خومەینی لە تارانی پایتەختی ئێران بەڕێوەچو.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرکایەتی کۆمار لەبەیاننامەیەکدا باویکردەوە:- سەرۆك کۆمار بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرۆك ئایەتوڵڵا ئیبراهیم رەئیسی و ئەمیر حسێن عەبدوڵڵاهیان وەزیری دەرەوە و هاوڕێکانیان لە ڕووداوە دڵتەزێنەکەی کوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەدا، پرسەو سەرخۆشی خۆی ئاڕاستەی عەلی خامنەیی ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران و لێپرسراوانی باڵای ئێران کرد.

سەرۆك کۆمار هاوسۆزی و هاوخەمی قوڵی خۆی بۆ بەڕێز عەلی خامنەیی و گەلی ئێرانی دەست بۆ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە، کە عێراق لەم کاتساتە گەورەیەدا هاوشانی ئێران دەوەستێت.

سەرۆك کۆمار ستایشی هەوڵستەکانی سەرکی کۆچکردوو ئیبراهیم رەئیسی کرد بۆ پشتیوانیکردن لە عێراق و هەوڵەکانی بۆ پتەوکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکان، جگە لە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لە ناوبردنی نەخۆشییەکاندا و وەستانی لەگەڵ گەلی فەڵەستینی برا، کە ڕووبەڕوی دڕندەترین جۆرەکانی دەستدرێژی دەبێتەوە.

سەرۆك د.لەتیف جەمال رەشید خەم و پەژارەی خۆی بۆ ئەو رووداوە دڕندەیە، کە پێش سەردانەکەی چاوەڕوانکراو و گرنگی سەرۆکی کۆچکردوی کەماری ئێران بوو بۆ عێراق بەمبەستی تاووتوێکردنی پێیوەندییە بەهێزەکانی نێوان هەردوو وڵات و ڕێگاکانی پتەوکردنیان لە بواری جیاجیاکاندا، بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی هەردوو گەلی دراوسێ بدیبهێنێت.

لای خۆیەوە عەلی خامنەیی سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ بەڕێز سەرۆك کەمار دەربڕی بۆ ئامادەبوونی لە پێشکێشکردنی پرسە و سەرخۆشی، هەروەها سوپاسی گەلی عێراقی کرد بۆ هەست و هاوسۆزییان لەگەڵ گەلی ئێران، جەختی لەسەر ئەو پێیوەندییە بەهێزانەش کردەوە، کە هەردوو وڵات پێکەوەدەبەستنەوە و پێویستی درێژدان بەڕێگای بەهێزکردن و پەرەپێدانیانی دوپاتکردەوە.

هەروەها لە پرسەکەدا وەفدی یاوەری سەرۆك کەمار ئامادەبون، کە پێکهاتبون لە عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی پێشوتر، د.حەیدەر عەبادی سەرۆکی هاوپەیمانی نەسر، هادی عامری ئەمینداری گشتیی ڕێکخراوی بەدر، بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شێخ هومام حەمودی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق، ئیبوکەرار فرەجی ئەمینداری گشتی هاوپەیمانی نەهجی نیشتمانی، ڕەیان کلدانی ئەمینداری گشتی بزوتنەوەی بابلیون، خاتوو ڤیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، د.خالد شوانی وەزیری داد، ئەندازیار نزار ئامەدی وەزیری ژینگە، مەحمود ئەلمەشهەدانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، خالد ئەلعوبەیدی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، سەلیم جبوری سەرۆکی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەران، فارس عیسا سەرۆکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها ژمارەیەك لەپرسراوی باڵا هاوڵێی سەرۆك کەمار بون.